غەفوور مەخمووری

# راپەڕینی ١٩٩١

## (چیمان کرد ... چی بکەین)



چاپی یەکەم ٢٠٢٥ هەولێر - کوردستان

# راپەڕینی ١٩٩١

غەفوور مەخمووری

# ڕاپەڕینی ١٩٩١

## (چیمان کرد ... چی بکەین)

غەفوور مەخمووری

چاپی یەکەم   ٢٠٢٥     هەولێر  - کوردستان

# راپەڕینی ١٩٩١

## (چیمان کرد ... چی بکەین)


بابەت: **سیاسی**

نووسینی: **غەفوور مەخمووری**

پیت چنین و هەڵەچنی: **غەفوور مەخمووری**

دیزاینی ناوەو بەرگ: **بەلوگرافیك ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠٢٥**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

چاپخانە: **ماردین**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان

ژمارە (١٤٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی شەهیدانی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

- گەلی کوردستان کە خاوەنی (راپەڕین و کۆڕەو)ن.

- نەوەی دوای راپەڕین.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستیمدا.

غەفوور مەخمووری

# دەروازە

ئەو رووداوانەی روودەدەن و گۆڕانکاری مەزن لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو داهاتووی وڵات دروستدەکەن پێویستیان بە خوێندنەوەو لێوردبوونەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن هەیە، راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان ؛ یەکێکە لەو رووداوە مەزنانەی کە گەلی کوردستان دروستکاری بووە و، خاڵی وەرچەرخان بووە لە خەبات و دیرۆکی گەلی کوردستان و، گۆڕانکارییەکی مەزنی کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان، خوێندنەوەو سەرنجدان لەو رووداوە نەتەوەیی و نیشتمانییە گەلکردەیەی کوردستان، پێویستییەکی گرنگە، لێرەدا هەوڵمداوە چەند وردە سەرنجێک لەسەر راپەڕینی (٥ / ٣ / ١٩٩١)ی

گـەلی کوردسـتان و دەرفەتـە لەدەسـتچووەکان و کێشـە و گرفتـە ناوخۆییـەکان و چارەسـەرییەکان و سیاسـەتی دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـە دژی گـەلی کوردسـتان بخەمـەڕوو.

لـە سـاڵیادی راپەڕینـی ئەمسـاڵدا (٢٠٢٥) ، کـە سی و چـوار سـاڵ بەسـەر راپەڕینـدا تێدەپەڕێـت هەوڵمـداوە سـەرنج و روانینـی خـۆم بخەمـەڕوو، لەهەمـان کاتـدا دوای خوێندنـەوەم بـۆ قەیـران و گرفـت و کێشـەکانی باشـووری کوردسـتان چەنـد چارەسـەرییەکم خسـتۆتەڕوو.

هەوڵمـداوە لـە روانگەیەکـی کوردانـە بـۆ راپەڕیـن بڕوانـم و، پەنجـە بخەمـە سـەر برینـەکان و دەرمـانی تیـماری برینەکانیـش بخەمەڕوو، بێگومـان روانیـن بـۆ کێشـەکان بـە چاوێکـی رەخنەگرانـە لـە چارەسـەری نزیکـمان دەکاتـەوە، لەبەرئـەوەی رەخنـە میکانیزمـی پێشـکەوتنی هـەر کۆمەڵگـە و دەزگا و دامەزراوەیەکـە و، لـە رێگـەی رەخنـەوە دەتوانیـن کێشـەو گرفتـەکان بدۆزینـەوە، کـە کێشـەو گرفتەکانـمان دۆزییـەوە، بـە دوای چارەسـەردا دەگەڕێیـن، بەمـەش دەتوانیـن کێشـەو گرفتـەکان چارەسـەر بکەیـن و کۆمەڵگەیەکـی مۆدێـرن و تەندروسـت بنیاتبنێیـن، هیـوادارم توانیبێتـم بـەو کارەم

خزمەتێکــی بچوکــی دۆزی ڕەوای گــەلی کوردســتانم کردبێــت.

غەفوور مەخمووری

١ / ٢ / ٢٠٢٥


ڕۆما - ئیتاڵیا

## ڕاپەڕین ... قۆناخێکی نوێ

ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ ڕووداوێکــی دیرۆکــی مــەزن بــوو لــە ژیــانی ســیاسی و کۆمەڵایــەتی کوردســتان و، کوردســتانی گواســتەوە قۆناخێکــی ســیاسی گرنــگ، دوای ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ی گەلــی کوردســتان، قۆناخێکــی نــوێ لــە ژیانــی سیاســیی باشــووری کوردســتان دەســتپێدەکات کــە جیــاوازە لــە ژیانــی سیاســیی پێشــتر، لەبەرئــەوەی ڕاپەڕیــن بــووە هــۆی هەڵتەکاندنــی تــەواوی دەزگا و دامەزراوەکانــی ڕژێمــی بەعــس لــە کوردســتان و، بــۆ یەکــەم جــار توانــرا زۆربــەی هــەرەزۆری شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتان بــە کەرکوکیشــەوە ڕزگار بکــرێ و بکەوێتــە دەســت گەلــی کوردســتان، هەرچەنــدە ســەرەتا ڕاپەڕیــن لەلایــەن ڕژێمــی بەعســەوە ســەرکوتکرا و، ســوپای عێــراق لــە ١٩٩١/٣/٣١ بــە فڕۆکــەو تانــک و جۆرەهــا چەکــی گــران هێــرشی کــردە ســەر شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتان و، کــۆڕەوی خەڵکــی کوردســتان دەســتیپێکرد، گــەلی کوردســتان لــە کۆچێکــی ملیۆنیــدا بــە ژن و پیــاو و منــداڵ شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتانیان جێهێشــت و ڕوویانکــردە چیــا و چــۆڵ








پارێزگای هەولێر
HAWLER GOVERNORATE

و، بەمەش گەورەترین کارەساتی مرۆیی روویدا، بەڵام کۆڕەو سەرەڕای ئازارو مەینەتییەکانی دەرگایەکی مەزنتری بۆ گەلی کوردستان کردەوە.

رۆژی ١٩٩١/٤/٣ چەند وڵاتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دەستپێشخەری فەرەنسا یاداشتێکیان بۆ سکرتێری گشتیی UN بەرزکردەوە و تیایدا باسیان لەو کۆڕەوە ملیۆنییەی گەلی کوردستان کرد، کە لە ترسی هێرشەکانی سوپای عێراق بەرەو سنوورەکانی (تورکیا و ئێران) لە کۆچێکی مەترسیداردان و واش چاوەڕێیان دەکرد کارەساتی گەورەی مرۆیی لێ بکەوێتەوەو هەمووی کۆمەڵکوژ بکرێن، هەر بۆیە رۆژی ١٩٩١/٤/٥ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبۆوە و، لە کۆبوونەوەی ژمارە (٩٢٨٢)یدا، بە پشتبەستن بە بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، ئەم بڕیارە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە هەڕەشەکانی بەعس دەرچوو، بەپێی ئەم بڕیارە ناوچەی دژە فڕین (NO FLY ZONE) لە سەرووی هێڵی (٣٦) دروستکرا، دەرچوونی ئەم بڕیارە وایکرد خەڵکی کوردستان دوای بینینی














ئـازارو مەینەتییەکـی زۆر بگەڕێنــەوە ســەر مــاڵ و حاڵــی خۆیــان.

دوای گەڕانــەوەی خەڵکــی کوردســتان بــۆ ســەر مــاڵ و حاڵــی خۆیــان لــە شــارو شــارۆچکەکان، دواتــر ســەرکردایەتیی بــەرەی کوردســتانی و رژێمــی بەعــس دەســتیان بــە گفتــو گــۆ و دانوســاندن کــرد، تــا ئــەو کات بەشــێک لــە فەرمانگــەکانی عێــراق لــە کوردســتان مابــوون، لــە تەمــووزی ١٩٩١ جەمــاوەری هەولێــر لــە دوو خۆپیشــاندانی جیــادا داوای نەمــانی یەکجــاری بەعســیان کــرد لــە کوردســتان، دوای شکســتهێنانی گفتوگــۆکانی نێــوان بــەرەی کوردســتانی و ڕژێمــی ســەدام حوســێن، دوای ئــەوەی رژێمــی بەعــس گەیشــتە بــاوەڕی تــەواو کــە چیــتر ناتوانــێ لــە کوردســتان بمێنێتــەوە، حکومــەتی عێــراق لــە ١٩٩١/١٠/٢٦ دەســتیکرد بەکێشــانەوەی تــەواوی فەرمانگــە و دەزگا ئیدارییــەکانی خــۆی لــە شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتان، بەمــەش بۆشــاییەکی یاســایی و ئیــداری لــە کوردســتان دروســتکرد.

بــۆ پڕکردنــەوەی بۆشــایی یاســایی و ئیــداری و خۆبەڕێوەبــردن؛ ســەرکردایەتیی سیاســیی بــەرەی کوردســتانی بڕیــاری هەڵبژاردنیــدا و لێژنەیەکــی تایبەتمەنــدی لــە (١٥) یاســاناس پێکهێنــا، لێژنەکــەش


دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢
[ هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ]
تکایە:
یەکێك لەم بەڕێزانەی خوارەوە هەڵبژێرەو بەپێنووس دەست نیشانی بکە.
بەڕێز
جلال حسام الدین
الطالبانی
بەڕێز
دکتور
محمود علی عثمان
بەڕێز
مسعود مصطفی
البارزانی
بەڕێز
عثمان عبدالعزیز محمد


دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی
کوردستان ساڵی ١٩٩٢
تکایە:
یەکێك لەم لیستانەی خوارەوە هەڵبژێرەو بەپێنووس دەست نیشانی بکە.
لیستەی
پارتی
دیموکراتی
کوردستان
لیستەی
حزبی
سوسیالیستی
کوردستان
و
پاسۆك
(یەکگرتن)
لیستەی
گەل
لیستەی
دیموکراتی
یەکگرتووی
کوردستان ،
شیوعی و
بێ لایەنەکان
لیستەی
ئیسلامی
لیستەی
دیموکراسی
خوازە
بێ لایەنەکان
لیستەی
یەکێتی
نیشتمانی
کوردستان
و حزبی
زەحمەتکێشانی
کوردستان
19.05.1992



لەچەنـد کۆبوونەوەیەکـدا کـە لـە مـاوەی نێـوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تـا ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامیـدا، پـڕۆژە یاسـایەکیان بەنـاوی (یاسـای ژمـارە "١" بـۆ سـاڵی ١٩٩٢ یاسـای هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان - عێـراق) پێشـکەش بـە سـەرکردایەتیی سیاسـیی بـەرەی کوردسـتانی کـرد و، لـە ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەلایـەن بـەرەی کوردسـتانییەوە پەسـەندکرا و بڕیـاری لەسـەردرا و، سـەرکردایەتیی بـەرەی کوردسـتانی بڕیـاری ئەنجامـدانی هەڵبژاردنیـدا.

ئــەوە بــوو لــە ١٩٩٢/٥/١٩ بــۆ یەکــەم جــار گەلــی کوردســتان ئازادانــە روویانکــردە ســندووقەکانی دەنگــدان و یەکــەم پەرلەمانــی کوردســـتانیان هەڵبـــژارد و، پاشـــان لـــە رۆژی ١٩٩٢/٧/٤ پەرلەمـــان متمانـــەی بـــە یەکـــەم کابینـــەی حکومـــەتی کوردســـتاندا، لێـــرەوە گەلــی کوردســتان بــووە خــاوەن (پەرلەمــان و حکومــەت)ی خــۆی و، رووبــەڕووی ئەزموونێکــی نــوێ و ژیانێکــی سیاســیی نــوێ بــۆوە، کــە ئەویــش بەڕێوەبردنــی وڵات و حوکمدارییــە، ئەوەبــوو ئەرکــی رێکخســتنەوەی دەزگاو دامــەزراوەکان و داڕشــتن و دانانــی یاســاو کاری خۆبەڕێوەبــردن بــەو پەرلەمــان و حکومەتــە ســپێردرا، ئــەو دامەزراوانەیــش کەوتنــە کارو خەبــات بــۆ بەڕێوەبردنــی وڵات، بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ خاڵــی وەرچەرخــان بــوو لــە مێــژووی کوردســتان و گەلــی کوردســتانی خســتە قۆناخێکــی نــوێ بەهەمــوو ماناکانییــەوە.

# شەڕی براکوژی




ئـەوەی جێگـەی داخـە لـە سـاڵی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ تـا ١٩٩٨ شـەڕی ناوخـۆ (شـەڕی براکـوژی)ی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان روویـدا و، زیانێکـی زۆری بـە ناوبانگـی کـورد گەیانـد، سـەرەڕای ئـەوەی خەڵکێکـی زۆر شـەهید و برینـدار و ئـاوارە بـوون، تـا لـە رۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ بـە ئامادەبوونـی وەزیـری دەرەوەی ئەوسـای ئەمریـکا مادلیـن ئۆلبرایـت

(ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی واشـنتۆن) لـە نێـوان بەڕێـزان مەسـعود بـارزانی و جـەلال تاڵەبانـی واژۆکـرا و کۆتایـی بـە شـەڕەکە هێـنرا.



دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو شـەڕە هەڵەیەکـی گـەورەی دیرۆکـی بـوو، لەهەمـان کاتـدا کاریگەرییەکـی زۆر نێگەتیـف و خراپـی کـردە سـەر ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کوردسـتان و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ تواناکانـی کوردسـتانی پەکخسـت و تاڕادەیەکیـش شـیرازەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و سـەربازیی کوردسـتانی تێکـدا و، کوردسـتانی کـردە دوو زۆن و دوو ئیـدارە کـە تـا ئێسـتاش کاریگـەری نێگەتیفـی مـاوە.




بێگومـــان ئەگـــەر شـــەڕی ناوخـــۆ نەبـــوا ئـــەوا ئێمـــە ئێســـتا لـــە ڕەوشـێکی دی دابووین و لەلایـەن دۆسـت و دوژمنـەوە خوێندنەوەی دیکەمـــان بـــۆ دەکـــراو ژمارەیەکـــی بەهێزتریـــش دەبوویـــن لەنێـــو هاوکێشـــە سیاســـییەکانی ناوچەکـــەدا، بێگومـــان شـــەڕی ناوخـــۆ بـــووە هـــۆی تێکدانـــی ئەجێنـــدای کـــورد لـــە ڕووی ســـتراتیژی و سیاســـی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و ئیـــداری و زۆربـــەی بوارەکانـــی دی و، تـــا ئێســـتاش ئـــەم کاریگەرییـــە خراپـــەی مـــاوەو کاتێکـــی زۆری دەوێ

تــا خاڵــە نێگەتیفەکانــی شــەڕی ناوخــۆ نەمێنــن، شــوێنەواری دوو ئیدارەیـی و یەکنەگرتنـەوەی هێـزی پێشـمەرگە و دەزگا و دامـەزراوە ئەمنـــی و هەواڵگرییـــەکانی کوردســـتان و، پەرتبـــوونی ناوەنـــدی سیاسـیی کوردسـتان و نەمـانی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی نێـوان لایەنـە سیاســـییەکانی کوردســـتان و، قوڵبوونـــەوەی ناکۆکـــی و ململانێـــی سـیاسی و هەوڵـدانی وڵاتـانی ناوچەکـە بـۆ زیادبـوونی هەژموونیـان لەســەر کوردســتان، ئەمانــە هەمــووی دەگەڕێنــەوە بــۆ ئەنجامــە خراپـەکانی شـەڕی ناوخـۆ و، دەرهاوێشـتەی شـەڕی ناوخـۆن، بۆیـە دەبـێ هەمـوو لایەکـمان هەوڵبدەیـن و کار بکەیـن بـۆ سـڕینەوەو نەهێشـتنی شـوێنەوارو کاریگەرییـەکانی شـەڕی ناوخـۆ و، نەهێڵیـن جارێکــی دی هەڵــەی وا رووبداتــەوە.

## لەدەستدانی دوو هەلی زێڕین

لــەدوای راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ و هەڵبــژاردنی پەرلەمــانی کوردســتان، دەبــوا ئــەو هەلــە لەدەســت خۆمــان نەدەیــن و کار بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان بکەیــن، بــەڵام ئەوەمــان نەکــردو ئــەو هەلەمــان لەدەســت خۆمانــدا، پەرلەمــانی کوردســتان لــە رۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ لەجیــاتی ئــەوەی بڕیــاری ســەربەخۆیی کوردســتان بــدات، بڕیــاری ژمــارە (٢٢)ی دەرکــرد و، بڕیاریــدا پەیوەنــدی نێــوان کوردســتان و عێــراق لەســەر بنەمــای سیســتەمی فیــدرالی بێــت، بەمــەش دروشــمی سیاســیی کوردســتان گــۆڕاو بــووە فیدرالییــەت، پێشــتر تــەواوی دانوســتاندنەکانی ســەرکردایەتیی کوردســتان و حکومەتەکانــی عێــراق لەســەر بنەمــای ئۆتۆنۆمــی بــوو، ئــەم گۆڕانکارییــە لــە خواســتەکانی کــورد هەنگاوێکــی پۆزەتیــڤ بــوو، لــە زۆر لاوەش وەك هەنگاوێــك بــەرەو ســەربەخۆیی کوردســتان ســەیر دەکــرا، جگــە لــەوە تــا ســاڵی ٢٠٠٣ هەســتی نەتەوەیــی و نیشــتمانی و کوردســتانی بــوون لــە هەڵکشــاندا بــوو، بــەڵام لــەدوای رووخانــی رژێمــی بەعســەوە لەجیاتــی راگەیاندنــی

سـەربەخۆیی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان رووی لـە بەغـدا کـردەوەو کەوتـە کارکـردن بـۆ دامەزراندنـەوەی عێراقێکـی گوایـە یەکگرتـوو (کـە هەرگیـز ئەمـە روونـادات)، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـەوا وردە وردە هەسـتی عێراقـی بـوون لای هەنـدێ لا سـەری هەڵدایـەوە، بێگومـان ئەمـەش کارێکـی بـاش نەبـوو، لەبـەر ئـەوەی بـووە هـۆی لاوازبـوونی هەسـتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لای تاکـی کوردسـتان، هەمـوو لایەکـمان دەزانیـن کـە عێـراق وڵاتێکـی داتـاشراوو دەسـتکردەو بـەزۆر باشـووری کوردسـتانی پێـوە لکێـنراوە، بۆیـە ئەگـەر لـە دیدگایەکـی نەتەوەیـی سـەیری ئـەم پرسـە بکەیـن نـە خاکـی کوردسـتان بەشـێکە لـە خاکـی عێـراق و نـە گەلـی کوردسـتانیش بەشـێکە لـە گەلـی عێـراق، ئـەوە زوڵمێکـی مێژوویـی گەورەیـە لـە گەلـی کوردسـتان کـراوەو بـە عێراقـی عەرەبییـەوە لکێـنراوە، لـە ٢٠٠٣ دوای رووخـانی رژێمـی بەعـس هەلێکـی نـوێ بـۆ کـورد هەڵکـەوت کـەوا کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بـکات، بـەڵام سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان ئـەو کارەی نەکـرد و هەڵەیەکـی سـتراتیژی کـردو ئـەو هەلـە زێڕینـەی لەدەسـتدا بـەوەی کـە روویکـردەوە بەغـدا، ئـەو

بەغدایـەی کـە نەمابـوو ئـەو دروسـتیکردەوەو، ئێسـتایش دەبینیـن لـە پاداشـتی ئەمـەدا لایەنـە عێراقییـەکان چـی بـە کـورد دەکـەن!! لــە ٢٠٠٣ ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان دەیتوانــی بچێتــە کەرکـوك و کەرکـوک بکاتـە سـەنتەری بڕیـاری سیاسـیی کوردسـتان، بـەڵام بەداخــەوە ئەوەیـان نەکـردو چوونـە بەغـدا، بـۆ کـێ؟ بـۆ



کەسـانێك لـە لایەنـە عێراقییـەکان کـە هیچیـان بەدەسـت نەبـوو دژی خواسـتەکانی کـورد بـوون!!




هەمووەمـان لەبیرمانـە کـە ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق پێـش رووخانـی رژێمـی بەعـس چـۆن دژی خواسـتەکانی گـەلی کوردسـتان بـوون، تەنهـا بـۆ مجامەلـە هەنـدێ جـار دەیانگـوت رێـز لـە خواسـتی گەلـی کوردسـتان دەگریـن، بـۆ نموونـە لـە کۆنگـرەی سـەلاحەددین کـە لـە ١٤- ١٥/ ٢٠٠٢/١٢ لـە هاوینەهـەواری پیرمـام و لەسـەر خاکـی کوردسـتان بەسـترا، لـە خاڵـی دەیەمـی راگەیاندنـی کۆتاییـدا هاتبـوو: (رێـز لـە خواسـتی گەلـی کـورد دەگریـن)، بـێ ئـەوەی

بڵێــن فیدراليیەتمــان قبوڵــە لەگــەڵ ئەوەشــدا پاشــان زۆربــەی لایەنــەکان مانشــێتی ســەرەکی رۆژنامەکانیــان (رفـض نتائـج مؤتمـر صــلاح الديــن) بــوو، هەروەهــا لــە خاڵــی پانزەهەمــی هەمــان راگەیانــدنی ئۆپۆزســیۆنی عێــراق هاتــووە کــە (پێویســتە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان لەگــەڵ ســوپای عێــراق تێکــەڵ بکرێــت)، لــەو کاتــەوە هەوڵیانــداوە، کوردســتان لــە هێــز داماڵــن، بەڵــێ ئــەوە هەڵوێســتی لایەنــە عێراقییــەکان بــووە، ئــەو هێزانــەی کــە ئەمــڕۆ حوکمــی عێــراق دەکــەن ئەوانــەن کــە دوێنــێ لــە هۆتێلــەکانی تەهــران و دیمەشــق ئۆپۆزســیۆن بــوون، جــا لەکاتێکــدا کــە ئۆپۆزســیۆن بــوون و هیــچ دەســەڵاتێکیان نەبــوو دژی خواســتەکانی کــورد بــوون، ئــەی کــە دەســەڵاتیان بــوو دەبــێ چــۆن بــن؟! بێگومــان ئــەوەن کــە ئەمــڕۆ دەیانبینیــن کــەوا دژی هــەر شــتێکن کــورد داوای بــکات و لــە بەرژەوەنــدی کــورددا بێــت، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە عەقڵیەتــی عەرەبــی عێــراق عەقڵیەتێکــی وشــک و چەقبەســتووەو قابیلــی گــۆڕان نییــە، روانینــی زۆربەیــان هەمــان روانینــی حکومەتــەکانی رابــردووە بــۆ چارەســەری پــرسی کــورد !

زۆربــەی دەســەڵاتدارانی عێــراق تــووشی نەخۆشــییەکی درێژخایــەن

بوونـە کـە ئەویـش نەخـۆشی چەقبەسـتنی مێشـک و خۆبەزلزانینـە، لۆژیکـی خۆبەزلزانیـن و سـەربازی دەخەنـە پێـش لۆژیکـی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن، ئەمـە واقیعێکـە و پێویسـتە دانـی پێدابنێیـن، حکومـەتی ئێسـتای عێـراق و ئەوانـەی لـەدوای ئەوانـەی ئێسـتایش دێـن هـەروا دەبـن، نابـێ لـەم رووەوە فێـڵ لـە خۆمـان بکەیـن، سـەد سـاڵەی ئەزموونمـان لەگـەڵ دەسـەڵاتی عەرەبـی عێـراق بـە (سـونە و شـیعە)وە روون و ئاشـکرایە کـە جگـە لـە سـتەم وماڵوێرانـی چیترمـان دەسـتنەکەوتووە، ئـەوە ئێسـتایش شـێوازی مامەڵـە و هەڕەشـەکانیان دەبینیـن، کـەوا چـۆن دژایـەتی خەڵکـی کوردسـتان دەکـەن.

هـەر دەسـەڵاتێکی عێراقـی لـە رابـردوودا هەڵوێسـت و رەفتاریـان چـۆن بـووە بەرامبـەر بـە گـەلی کوردسـتان و خواسـتەکانی لـە ئێسـتاو داهاتووشـدا هەمـان هەڵوێسـت و رەفتاریـان دەبێـت، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ تـا ٢٠٢٥ پەیوەنـدی کوردسـتان و عێـراق بـە چەندیـن ئاڵـۆزی و هـەورازو نشـێودا رەتبـووە، کێشـەکانیش بەردەوامـن، لەبـەر ئـەوەی عەقڵیـەتی دەسـەڵاتداری عـەرەبی عێـراق عەقڵیەتێکـی خـۆ بـە زل زان و چەقبەسـتوو و نەگـۆڕەو ناگۆڕێـت، بۆیـە هـەر

عەرەبێکـی عێـراق بگاتـە دەسـەڵات هەمـان رەفتـار دەکات، هـەر ئـەم عەقڵیەتەشـە وایکـردووە عێـراق پێشـنەکەوێت و هێمنـی و ئارامـی و ئاسـایش بەخۆیـەوە نەبینێـت، ئەمـە راسـتییەکەو مێـژووی سـەد سـاڵی رابـردووی عێـراق ئـەو راسـتییەی سـەلماندووە.

لـە رەوشـێکی وادا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا مانەوەمـان لەگـەڵ عێـراق تەنهـا کاتکوشـتن و خـۆ هیلاککردنـە، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان ناکۆکـی و ململانـێ حزبییـەکان بخەینـە لاوە و، بەهەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتیی نەتەوەیـی و نیشـتمانی کاربکەیـن بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی و ناوماڵـی کوردسـتان و، وەک یـەک تیـم کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بکەیـن، کـە ئەمـەش خواسـت و مـافی رەوای خۆمانـە.

## کاری حیزبایەتی

لەدوای ڕاپەڕینەوە کەش و هەوایەکی نوێ بۆ کاری سیاسی هاتە ئارا و، لەو کەش و هەوایەدا کۆمەڵێ حیزب و لایەنی سیاسی بە ئایدۆلۆژیای جیاجیا لەدایکبوون، هەندێکیان زوو گۆڕەپانەکەیان چۆلکردو هەندێکیشیان تا ئێستا لە کارو خەباتدا بەردەوامن، بەڵام نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی تەواو کاریگەر، ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە، لەسەرووی هەموویانەوە هۆکاری ئابووری بووە، بێگومان تەواوی توانا ئابوورییەکانی کوردستان لە دەستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان (پارتی و یەکێتی) دایە نەک حکومەت، بەو هۆیەوە هەردوو حیزب پێگەی خۆیان بەهێزتر کردووەو، وەکو پێویستیش پشتیوانی و هاوکاری حیزبەکانی دی نەکراوە، لەم ڕووەوە ناعەدالەتییەکی زۆر کراوە، لەبەرئەوەی بەپێی میزاجی شەخسی هاوکاری حیزبەکان کراوەو، زۆر جاریش ئەو هاوکارییە بڕاوەو وەکو سزایەك بەرامبەر هەندێ لایەن بەکارهێنراوە، هەروەها مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان نەکراوە، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ گەشەنەکردنی پرۆسەی سیاسی و

دیموکراتیزەکـردنی کۆمەڵگــە و، پێشــنەکەوتنی پرۆســەی ســیاسی و هەنـدێ لایەنـی سیاسـی لـە کوردسـتان.

سیســتەمی کاری حیزبایەتــی لــە کوردســتاندا پێویســتی بــە گۆڕانـکاری هەیـە، بـەڵام تـا ئێسـتایش لـەم رووەوە هەنـگاو نەنـراوەو گۆڕانـکاری تـەواو رووینـەداوەو لـە سـەرەتادان، لەبەرئـەوەی کاتـێ گوڕانـی تـەواو روودەدات کە شـێوازی بیرکردنەوەمان بۆ کاری سیاسـی گۆڕانـی گـەورەی بەسـەردا بێـت و لـە دیدگایەکـی سـەردەمیانەوە بـۆ کاری حیزبایـەتی بڕوانیـن، تـا ئێسـتایش لـە کوردسـتان لـە دیدگایەکـی کلاسـیکییەوە سـەیری حیـزب دەکـرێ و بـاس لـە حیزبـی بچـوك و حیزبـی گـەورە دەکـرێ، کـە لـە راسـتیدا ئـەوە بۆچوونێکـی دروسـت نییـە، لەبـەر ئـەوەی گەورەیـی و بچوکـی حـزب لە هەڵوێسـتی سـیاسی حیــزب دایــە لــە پرســە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکاندا، دواتــر زۆر حیزبـی گـەورە هەبـوون بچـوك بوونەتـەوەو بگـرە نەمـاون، لەهەمـان کاتــدا زۆر حیزبــی بچوکیــش هــەن گــەورە بــوون، بۆیــە پێویســتە روانگەیەکــی لۆژیکییانــەو ســەردەمییانەمان بــۆ کاری حیزبایەتــی لــە کوردســتاندا هەبێـت و، کاربکەیـن بـۆ دەسـتەبەرکردنی کەشـێکی گونجاوتـر بـۆ کاری سـیاسی و کاری حزبایـەتی لـە کوردسـتاندا.

# ئۆپۆزسیۆن

لــەدوای راپەڕینــەوە تــا ئێســتاش ئۆپۆزســیۆنێکی تەندروســت لــە کوردســتان دروســت نەبــووە، لەبــەر ئــەوەی کەشــی سیاســی لــە کوردســتان بــە کۆمەڵــێ هەڵکشــان و داکشــاندا تێپەڕیــوە و، تــا ئێســتاش کوردســتان نەبۆتــە دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ، بێگومــان بــێ بوونــی ئۆپۆزســیۆنیش پرۆســەی بــە دیموکراتیزەکردنــی کۆمەڵگــەی کوردســتان تــەواو نابێــت، بــە مانایەکــی دی هــەر وڵاتێــك یــا هــەر شــوێنێك کــە ئۆپۆزســیۆنی نەبــوو، واتــە ئــەو وڵاتــە یــا ئــەو شــوێنە دیموکراســییەتی تــەواوی لــێ نییــە، لەبــەر ئــەوەی بوونــی ئۆپۆزســیۆن هــۆکارە بــۆ کامڵبوونــی پرۆســەی بــە دیموکراســیبوون،

ئۆپۆزســیۆن و دەســەڵات دوو دیــدی جیایــان هەیــە بــەڵام لــە ئەنجامــدا دەبــێ هــەردوولا مەبەســتیان خزمەتکــردن بێــت نــەك ســڕینەوەی یەکــتر، پێویســتە هــەردوولا تەواوکــەری یەکتربــن و، کاربکــەن بــۆ بیناکردنــی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی و دابینکــردنی خۆشــگوزەرانی زیاتــر بــۆ خەڵــك، بێگومــان بوونــی ئۆپۆزســیۆنێکی نیشــتمانی کارا لــە کوردســتان پێویســتییەکی مێژوویــی و بابەتییــە

بـۆ بـەرەو پێشـڤەبردنی کۆمەڵگـە، ئۆپۆزسـیۆنێکی کارا و خـاوەن پرۆژەیەکـی نیشـتمانی دەتـوانی کاریگـەری هەبێـت بـۆ سـەر ئاراسـتەکردنی سیاسـەتی حوکمـڕانی باشـتر و، باشـترکردنی ڕەوشی کۆمەڵگـە لـە ڕووی سـیاسی و ئابـووری و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی تێگەیشـتنی کۆمەڵگـە بـۆ تێکـڕای پرسـەکان، ئۆپۆزسـیۆن پێویسـتە ڕوانینێکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی هەبێـت و، لـە پرسـە چارەنووسـازەکاندا بێدەنـگ نەبێـت.

## نەوەی دوای راپەڕین

نــەوەی دوای راپەڕیــن نەوەیەکــی کــراوەو ئازادتــرن لــە پێشــتر، خۆیــان دووری ژیانــی حیزبایەتــی دەگــرن و زۆر نیگەرانــن لــە رەوشــی سیاســیی کوردســتان، کــە دەبینــن لــە ژیانــی سیاســیدا وەک پێویســت بەشــدارییان پێنەکــراوەو بواریــان بــۆ نەڕەخســاوە تواناکانــی خۆیــان تاقیبکەنــەوە، کــە پێویســتە بــواری تەواویــان پێبدرێــت بــۆ ئــەوەی رۆڵــی خۆیــان ببینــن لــە بەڕێوەبردنــی ئــەو وڵاتــە، نــەوەی دوای راپەڕیــن نەوەیەکــی چاوکــراوەو رەخنەگــرن و جێگــەی ئومێــدن، هەقــە لــە رەخنــەو تورەبــوون و ناڕازیبوونیــان بگەیــن، کــە وەك پێویســت بواریــان پێنــەدراوە.

کارەســاتێکی گەورەیــە کــە بەشــێکی زۆریــان لــە ئێســتادا کــە خوێنــدن تــەواو دەکــەن دانامەزرێــن وهــەلی کاریــان بــۆ نارەخسێنرێت، لەهەمــان کاتــدا بەشــێک لــە نــەوەی ئێســتا هەســت بــە مەزلوومیــەت دەکات کــە دەبینێــت بەشــێک لــە هاوتەمەنەکانیــان لــە رێگــەی حزبــە دەســەڵاتدارەکان هــەم کارو هــەم ژیانێکــی باشــتریان هەیــە، ئەمــەش وایکــردووە کــەوا بەشــێک لــە گەنجانمــان



نیگـەران و بێئومێدبـن لـە رەوشـەکە، لەسـەر دەسـەڵاتە گـوێ لـە خواسـتەکانیان بگرێـت و بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـەو دوور لـە ئینتیـمای حـزبی بـواری کاریـان بـۆ بڕەخسـێنێت و، لەسـەر بنەمـای شـارەزایی و توانـاو لێهاتوویـی بەرپرسـیارێتییان بخاتـە ئەسـتۆ و، بەپێـی پرەنسـیپی ئـەرك و مـاف ئەرکیـان پـێ بسـپێرێت و مافییـان پێبـدات.

## عەقڵیەتی شاخ و عەقڵیەتی شار

کە باس لە عەقڵیەتی شاخ دەکەین مەبەستمان عەقڵیەتی شۆڕشگێڕییە، کلتووری خەباتی شاخ کلتورێکی شۆڕشگێڕی پڕ بەرخودان و خۆڕاگرییە و پێویستە بە چاوی ڕێزەوە لێی بڕوانین، لەبەرئەوەی بەشێکە لە دیرۆك و سەروەرییەکانی نەتەوەکەمان و لە سەرهەڵدان و کەوتن و هەڵسانەوەی هەر شۆڕش و بەرخودانێکی گەلی کوردستاندا شاخ پشت و پەنامان بووە و، ئەو کەسەی کە رووی لە شاخیش کردووە بۆ ئەوە بووە زوڵم و ستەم لەسەر گەلەکەی لاببات و ژیانێکی باشتری بۆ دەستەبەر بکات.

شاریش کە بە مانای مەدەنییەت دێت پێویستە عەقڵیەتێکی مەدەنی ئیدارەی بکات و دەزگا و فەرمانگەکانی دامەزراوەیی بن و بەپێی سیستەم کاربکەن نەك بە میزاجی شەخسی، ئەگەر سەیر بکەین لە ماوەی ساڵانی رابردوودا سەرەڕای ئەوەی کە هەستدەکرێ وردە وردە دەمانەوێ بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەنگاوبنێین، بەڵام تائێستاش عەقڵیەتی شاخ زاڵە

بەسەر شێوازی کارو بیرکردنەوەی مەدەنییانە، بە بڕوای من ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە تا ئێستا ئێمە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیداین و هەست بەو مەترسییانە دەکەین کە لەسەرمانن، لەهەمان کاتدا لایەنەکانی دەسەڵات لەبەر ناکۆکی و ململانێی حزبایەتی هاوکاری یەکتر نەبوونە بۆ سیستماتیکردن و بە دامەزراوەییکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان.

## سەربەخۆیی تاکە چارەسەرە

ساڵیادی ڕاپەڕین هاوکاتە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕوویانداوەو ڕوودەدەن، ئەوا لە ماوەی ڕابردوودا باشووری سودان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی خۆیاندا، دەسەڵاتی تونس و میسر و لیبیا و یەمەن و سودان و سوریا گۆڕان و گۆڕانکاری مەزنتریش لە ناوچەکەدا بەڕێوەن، بۆیە هەقە ئێمەیش ریزەکانی خۆمان یەکبخەین و ناکۆکییەکانمان بەلاوە بنێین و کار بۆ پڕۆژەی گەورەی نەتەوەیی بکەین و، بیر لەوە بکەینەوە وەك نەتەوەکانی دی بڕیار لە چارەنووسی خۆمان بدەین و داهاتووی خۆمان بنیات بنێین.

پێویستە لە ڕێی جولەیەکی دیپلۆماسی بەرفراوان ئەوە بەبیر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بهێنینەوە کە لە ڕابردوودا وڵاتە زلهێزەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەکانی (سایکس - بیکۆ) و (لۆزان)ەوە زوڵمێکی گەورەیان لە گەلی کوردستان کردووە، کە وڵاتی ئێمەیان پارچە پارچە کردووەو دابەشی سەر وڵاتە داتاشراوەکانی (تورکیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا)یان کردووەو

لەسەر حیسابی ئێمە ئەو وڵاتانەیان داتاشیوەو دروستکردووە، بۆیە ئێستا وڵاتە زلهێزەکان بەرامبەر بە گەلی کوردستان بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییان کەوتۆتە سەرشان کە هاوکاری کوردان بن بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمانەو گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

لەسەر ئێمەی کورد پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان بەم شێوەیە کاربکەین و گوتاری سیاسیمان یەکبخەین و بە بیرو ستراتیژێکی نەتەوەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخی نێودەوڵەتی بکەین، لەبەر ئەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەمڕۆی جیهان بۆ کارو خەبات زۆر لە جاران گونجاوترو لەبارترە و زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیدێکی دیکە پرسی کورد دەخوێننەوە و پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی دەبینن، بێگومان پرسی سیاسیش پێویستی بە چارەسەری سیاسییانە هەیە.

لەم پێناوەشدا پێویستە بە دەستی خۆمان کەرکوك و مەخموورو خانەقین و شنگال و شێخان و دەڤەرەکانی دی بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی

عەرەبی عێراقی ئامادە نییە ئەو دەڤەرانە بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان، ئەگەر خۆمان ئەوە نەکەین دەبێ هەر بەدیار جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ەوە باوێشك بدەین.

پێویستە هەموو لایەکمان ئەوە پرۆگرامی کاری داهاتوومان بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شێوازی بیرکردنەوەو عەقڵیەتەی عێراق و ئەو دیرۆک و ئەزموونەی کەوا لەگەڵ عێراق هەمانبووەو هەمانە؛ دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەر ڕێککەوتن و چارەسەرییەک لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراق بۆ پرسی کورد شتێکی کاتییە و هەموو کات مەترسی هەڵوەشانەوەی لەسەرە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان نەخشە ڕێگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و دوور لە دەمارگیری حزبی دابڕێژێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان بەشێوەیەکی ریشەیی، ئەمەش بەوە دەکرێت کەوا بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکان.

بە سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو لە شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و

بەخۆداچوونەوەیەکــی تــەواو لەســەر هەمــوو ئاســتەکان دەتوانیــن کارنامەیەکــی گونجــاو بــۆ کارو خەبــاتی داهاتوومــان دابڕێژیــن، ئەگــەر ئــەوە نەکەیــن زیاتــر زیانمەنــد دەبیــن، بۆیــە دەبــێ خۆمــان ئــەوە بکەیــن و، بڕیــاری بوێرانــە و نەتەوەییانــەی خۆمــان بدەیــن بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان و، ســاڵیادی راپەڕیــن بکەینــە ســاڵی دامەزرانــدن و راگەیاندنــی دەوڵەتــی کوردســتان، لــەم پێنــاوەدا دەبــێ راشــکاوانە پەنجــە بخەینــە ســەر کێشــەو گرفتەکانمــان و، رەخنــە لەخۆمــان بگریــن و لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا بەخۆمــان دابچینــەوە و، دەبێــت بزانیــن چــی بکەیــن بــۆ ئــەوەی بگەینــە ئــەو ئامانجەمــان.

# کێشەو گرفتەکان

لــەم رووەوە پێویســـتە لێکۆڵینەوەیەکـــی ورد بکەیـــن و بزانیـــن ســـەرچاوەی کێشـــەو گرفتـــەکانی کوردســـتان چیـــن و بـــۆ بـــەم رەوشـــەی ئێســـتا گەیشـــتووین؟ لـەم پێناوەشـدا پێویسـتە راشـکاوانە پەنجــە بخەینــە ســەر برینــەکان و رەخنــە بگریــن و دەردەکانمــان دەستنیشــان بکەیــن و دەرمانیــان بــۆ بدۆزینــەوە، بــە بــاوەڕی مــن هــۆکاری ســـەرەکی کێشـــەو گرفتـــەکانی کوردســـتان دەگەڕێنـــەوە بـــۆ ناکۆکـــی و ململانێـــی درێژخایـــەنی نێـــوان لایەنـــە سیاســـییەکان و بـــوونی ناعەدالـــەتی ســـیاسی و کۆمەڵایـــەتی و ئابـــووری و نەبـــوونی سیســـتمێکی روونی بەڕێوەبـــردن و دارایـــی و، دەستبەســـەرداگرتنی هەمـــوو کایـــەکانی ژیـــان لەلایـــەن حزبـــە دەســـەڵاتدارەکان و پەراوێزخســـتنی لایەنـــە سیاســـییەکانی دیکـــە، ئـــەم واقیعـــە و ئـــەم شـــێوازە کارکردنـــە وایکـــردووە ناوەنـــدی ســـیاسی کوردســـتان پـــەرش و بڵاوبێـــت و، حکومـــەت بـــە کردەیـــی یەکنەگرێتـــەوە و شـــوێنەواری دوو ئیدارەیـــی بمێنێـــت و، هەوڵـــەکانی یەکگرتنـــەوەی هێـــزەکانی پێشـــمەرگە نەگەنـــە ئەنجـــام، ئەمانـــە و چەنـــدان گرفتـــی دیکـــە

وایانکــردووە بــەم ڕەوشــەی ئێســتا بگەیــن.

بێگومـان ئـەو ناعەدالەتییـەی لـە کوردسـتاندا هەیـە لـە دونیـادا وێنــەی نیــە، ناعەدالەتــی سیاســیی، ناعەدالەتــی کۆمەڵایەتــی و ناعەدالەتـی ئابـووری لـە کوردسـتان وایکـردووە دەسـەڵات و خەڵکـی لێکدابڕیــوە، ناعەدالەتــی و پەراوێزخســتن لــە کوردســتان هەیــە، ئەمــە واقیعێکــەو پێویســتە دانــی پێدابنێیــن و، کار بــۆ نەمانــی ئــەو دیاردانــە بکەیــن، هەروەهــا پێویســتە ســەرکردایەتیی سیاسـیی کوردســتان چــاو بــەو خاڵــەدا بگێڕنــەوە و عەدالەتــی سیاســیی و کۆمەڵایەتـی و عەدالەتـی ئابـووری فەراهـەم بکـەن و بەیـەك چـاو ســەیری هەمــوو خەڵکەکــە بکــەن، ناکــرێ لــەم وڵاتــەدا هەرچــی ئیمتیـازات هەیـە هەرچـی دامەزرانـدن و بـوار و هـەلی کار هەیـە تەنهـا بـۆ دوو حیـزب بێـت! و هەمـوو کایـەکانی ژیـان لەلایـەن ئـەم دوو حیزبــەوە دەســتی بەســەردا بگیرێــت و، تــەواوی هاوڵاتــانی نــا ئەنــدام لــەو دوو حیزبــە و لایەنــە سیاســییەکانی دیکــەش پەراوێــز بخرێــن! بۆنموونــە گەورەتریــن ناعەدالــەتی ئەوەیــە لــە کاتێکــدا مووچــەی فەرمانبــەران کەمدەکرێتــەوەو بــە ملیۆنــان دۆلاریــش بــۆ هەنــدێ حیــزب و دەزگای ڕاگەیانــدن ســەرف دەکرێــت، دەســەڵات

بـــە ئـــارەزووی خـــۆی کام حیـــزبی بـــوێ بیهێنێتـــە پێشـــەوەو کام حـــزبی نـــەوێ لـــە هەمـــوو شـــتێک دووری بخاتـــەوە، ئـــەم شـــێوازی مامەڵەکردنـــە لەگـــەڵ هاوڵاتیـــان و لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان؛ کوردســـتانی بـــەم رۆژگارە گەیانـــدووە، بۆیـــە پێویســـتە ئـــەم خاڵـــە بەهەنـــد وەربگیرێـــت و چارەســـەر بکرێـــت، چارەســـەرکردنی ئـــەم خاڵـــە دەبێتـــە فاکتەرێکـــی گرنـــگ بـــۆ چارەســـەرکردنی زۆر کێشـــەی دیکـــە.

لەلایەکـــی دیکـــەوە؛ نەبـــوونی سیســـتمێکی روون بـــۆ بەڕێوەبـــردن و دارایـــی وایکـــردووە کوردســـتان بەپێـــی میزاجـــی شـــەخسی بەڕێوەببرێت، ئەمـــەش کوردســـتانی نوقمـــی گەندەڵـــی دارایـــی و بەڕێـــوەردن کـــردووە، بۆیـــە پێویســـتە بەزووتریـــن کات هەوڵـــی سیســـتماتیککردنی دەزگا و دامـــەزراوەکانی کوردســـتان بدرێـــت، بۆئـــەوەی کوردســـتان لەســـەر بنەمـــای سیســـتمێکی هاوچـــەرخ بەڕێوەببرێـــت.

وەک ئاماژەمـــان پێـــدا حزبـــە دەســـەڵاتدارەکان هەمـــوو کایـــەنی ژیانیـــان دەستبەســـەرداگرتووەو، حیـــزب هەمـــوو کارێکـــی ئـــەو وڵاتـــەی بەڕێوەبـــردووە وایکـــردووە هیـــچ رۆڵێکـــی وای بـــۆ پەرلەمـــان و حکومـــەت نەهێشـــتۆتەوە، دیالـــۆگ لەگـــەڵ بەغـــدا حیـــزب

کردوویەتـی، کاری دیپلۆماسـیی لەگـەڵ وڵاتـان حیـزب کردوویەتـی، بازرگانـــی حیـــزب کردوویەتـــی، ئیـــدارە حیـــزب کردوویەتـــی، پاراســتنی ئاســایشی کوردســتان حیــزب کردوویەتــی، شــەڕ حیــزب کردوویـــەتی، حیـــزب وایکـــردووە تـــەواوی کارەکانی پەرلەمـــان و حکومــەت و دامــەزراوەکان خــۆی بیــکات و کردوویــەتی، بۆیــە بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم گرفتــە ئێمــە پێویســتیمان بــە سیســتماتیکردنی دەزگا و دامــەزراوەکانی کوردســتان هەیــە، بــۆ ئەمــەش پێویســتە دەســەڵات بدرێتــەوە دەزگاو دامەزراوەکانــی کوردســتان و، حیــزب لــەدەرەوەی دەزگاو دامـــەزراوەکان حیزبایەتـــی خـــۆی بـــکات و حکومەتیــش حکومەتایەتــی خــۆی بــکات، ناکرێــت تــۆ دیالــۆگ لەگـەڵ بەغـدا یـا لایەنێکـی دیکـە بکەیـت و چەنـد حزبێـک بنێـری و کەســانی شــارەزاو ئەهــلی کار پەراوێــز بخەیــت (پێشــتر وا کار دەکــرا، بــەڵام لــەم یــەک دوو ســاڵەی دواییــدا شــاندی حکومــەت دەچێتــە بەغــدا)، ئــەوەی لــە کوردســتان کــراوەو دەکرێــت لــە هیــچ شــوێنێکدا نموونــەی نەبــووەو نییــە، بــۆ نمونــە کــە لەگــەڵ حکومــەتی عێــراق دیالــۆگ دەکــرێ پێویســە بەرپرســانی حکومــەتی کوردســتان بچــن، لــە دونیــای سیاســەتدا وەزیــر بەرامبــەر وەزیــرە،

سـەرۆکی حکومـەت بەرامبـەر سـەرۆکی حکومەتـە، سـەرۆکی وڵات بەرامبـەر سـەرۆکی وڵاتـە، ناکـرێ کۆمەڵـێ حیزبـی سیاسـیی لـە فرۆکـە بکـەی و رەوانـەی بەغـدای بکـەی لـەوێ لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق و لەگـەڵ پەرلەمانـی عێـراق دابنیشـێت، ئێمەیـش پەرلەمـان و حکومەتمـان هەیـە، لەنـاو حکومـەت کادیـری حیزبـی دانـراون ئەوانــە بنێــرن بــا دیالــۆگ بکــەن، پێویســتە ئەهــلی کار کارەکــە ئەنجامبـدات، شـێوازی تەندروسـت بـۆ پەیوەنـدی نێـوان حـزب و حکومـەت ئەمەیـە؛ حیـزب تێکـەڵ بـە کاری حکومـەت نەبێـت و هـاوکاری بـکات و پـرۆژەی بداتـێ و رێنوێنـی بـکات و پشـتگیری بـکات و، هـاوکار بێـت بۆئـەوەی ئەگـەر لـە ئیـش و کارەکانـی لەشـوێنێکدا هەڵەیـەك هەبـوو ئـاگاداری بکاتـەوە، نـەك دەسـت لـە ئیـش و کارەکانی وەربـدات.

# چی بکەین؟

لـە پێشـەوە ئاماژەمـان بـە شـێوازی کاری رابـردوودا و رەخنەمـان کـرد، پێویسـتە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان و چۆنییـەتی کارکـردنی داهاتوومـان هەڵوەسـتەیەک بکەیـن و بزانیـن چـی بکەیـن؟ بـۆ ئەمـەش پێویسـتە بزانیـن لەسـەر ئاسـتی ناوەخـۆ و، عێـراق و، لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی و، لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی چـی بکەیـن؟

**لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی**؛ ناوەنـدی سیاسـیی کوردسـتان پـەرش و بـڵاوو لێکـترازاوە، ئـەو کێشـە و گرفتانـەی کـەوا ئەمـڕۆ بەرۆکـی باشـووری کوردسـتانیان گرتـووە باکگراوندێکـی سـیاسی و مێژووییـان هەیـە، رەنگدانـەوەی واقیعـی دووبەرەکـی وناکۆکـی سـیاسی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتانن، بۆیـە چارەسـەری ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بـە چارەسـەری گرفـت و ناکۆکـی مێژوویـی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، بۆئەمـەش پێویسـتە لایەنـە سیاسـییە ناکۆکـەکان قۆناخـی سـاڵانی رابـردوو دەربازبکـەن و بـە شـێوازێکی سـەردەمیانە مامەڵـە لەگـەڵ یەکـدا بکـەن و، بـە

دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لەجیاتی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستەکاندا؛ پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوەیە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بوویەر و ڕووداوەکاندا، پێویستە ڕەخنە لە شێوازی کاری ڕابردوومان بگرین و، ڕەخنە وەک میکانیزمی پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، کە ڕاشکاوانە ڕەخنەمان گرت؛ کێشە و ناتەواوییەکان دەبینین، کە کێشە و ناتەواوییەکانمان بینی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، بەمەش دەتوانین پەیوەندییەکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بینا بکەین.

بۆ ڕێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و بۆ پاراستنی یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکان؛ پێویستە چەترێکی هاوبەش دروستبکرێت و، تەواوی لایەنە سیاسییەکان لەژێریدا کۆببنەوە، هەروەها پێویستە لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا تەواوی لایەنە سیاسییەکان بەشداربن و پرس و ڕایان

پـێ بکرێـت و راشـیان وەربگیرێـت، (نـەک پرسـە خەسـوانەیان پێبکرێـت)، نـەك را بـدەن و گوێشـیان لـێ نەگیرێـت، لەهەمـان کاتـدا پێویسـتە دەزگاو دامـەزراوەکان کارا و سیسـتماتیک بکەیـن و حکومـەت و پەرلەمانـی کوردسـتان سەرپشـك بکەیـن بـۆ هـەر دیالۆگێـك، ئینجـا لەگـەڵ بەغـدا یـان وڵاتانـی ناوچەکـە و دەرەوە بێـت، هەروەهـا پێویسـتە لـەرووی دیپلۆماسـییەوە بـوار بـە حکومـەت بدرێـت کاری خـۆی بـکات، لـە رابـردوودا و تـا ئێسـتاش دیپلۆماسـییەتی ئێمـە دیپلۆماسـییەتێکی حیزبـی بـووەو نەتەوەیـی و نیشـتمانی نەبـووە و، زیاتـر بـۆ بەرژەوەنـدی حـزبی بـووە، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە ئـەو دەسـەڵاتە بدەینـەوە حکومەتـی کوردسـتان، بۆئـەوەی لەرێگـەی دەزگا و دامەزراوەکانـی خـۆی کار لەسـەر ئـەو بـوارە بـکات و دەنگـی خەڵکـی کوردسـتان بـە دەرەوە بگەیەنێـت.

خاڵێکـی دیکـە کـە لـە هەمـووی گرنگـترە ئێسـتا هاوسـۆزییەکی نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن هەیـە، پێویسـتە سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان لێـرەوە بتوانێـت کار بـکات بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان، کـە ئـەوەش لـە داهاتـوودا دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ بەرزکردنـەوەی مۆراڵـی نەتەوەیـی و

دەبێتە فاکتەری یەکدەنگییەکی نەتەوەیی کە پشتیوانی یەکدی بکەین، هەروەها بۆ کۆکردنەوەو ئەکتیفکردنی رەڤەندی کورد لە دەرەوەی کوردستان پێویستیمان بە دامەزراندنی سازییەکی نیشتمانی هەیە، کە بتوانێ رەڤەندی کورد لە دەرەوەی وڵاتدا کۆبکاتەوەو ئاراستەی کارو خەباتیان بکات.

**لەسەر ئاستی عێراق:** ئێمەی گەلی کوردستان ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا هەیە، هەرکاتێ دەسەڵاتدارانی عێراق بێهێزو توانا بووبن پەنایان بۆ کورد هێناوەو دیالۆگیان لەگەڵدا کردووە، کە هێزو توانایان پەیدا کردبێت دژی کوردو خواستەکانی وەستاونەتەوە، ئەگەر سەیر بکەین لەڕابردوودا تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراق لەسەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات جۆرە نەرمییەکیان لە بەرامبەر کورددا نواندووە، پاشان کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو بەهێزی رۆیشتووە دژی گەلی کوردستان و خواستەکانی وەستاونەتەوە.

ئەوەتا عەبدولکەریم قاسم کە هاتە سەر حوکم لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ جۆرە نەرمییەکی نواند، بەڵام پاشتر لە ١٩٦١ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆوەو ئەوەبوو لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی

ئەیلـول بەسـەرۆکایەتی ژەنـەراڵ مسـتەفا بارزانـی نەمـر بەرپـا بـوو، دەسـەڵاتی قاسـم ئـەوەی توانـی لـە کوردکوشـتن و هێـرش و بۆمبـاران و سـوتاندنی شـارو گونـدی کوردسـتان درێخـی نەکـرد.

ئەگـەر نموونەیەکـی دیکـە وەربگریـن بەعـس لـە ١٩٦٨ کـە کودەتـای کـردو دەسـەڵاتی گرتەدەسـت جـۆرە نەرمییەکـی نوانـدو لەگـەڵ سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کوردسـتان دەسـتی بەدیالـۆگ کـردو لەئەنجامـدا ناچـار بـوو کـە رێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ مـۆر بـکات و رایبگەیەنێـت، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـەوا لـە ١٩٧٠ تـا ١٩٧٤ هێمنییـەك بـاڵ بەسـەر کوردسـتاندا بکێشـێت، دواتـر لەمـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەدا کـە بەعـس دەسـەڵاتی بـەرەو بەهێـز بـوون رۆیشـت لـە بەڵێنەکانـی خـۆی پاشـگەزبۆوەو کەوتـەوە شـەڕی کوردسـتان و جۆرەهـا پیلانـی بەکارهێنـا، هـەر لـە بەعەرەبکـردن و کیمیابارانکـردن و بێسەروشـوێنکردن تـا دەگاتـە شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفـال، ئامانجـی بەعـس لـەم سیاسـەتەیدا نەهێشـتنی گەلـی کوردسـتان بـوو بەخـاك و خەڵکـەوە.

دوا نموونـەش ئەزموونـی دیالۆگـی ١٩٩١ و، دواتریـش رووخانـی رژێمـی بەعسـە لـە ٢٠٠٣/٤/٩دا، کـە بەعـس رووخێـنرا ئەوانـەی

نــاوی ئۆپۆزســیۆنی عێراقیــان لەخــۆ نابــوو خــودان پێگەیەکــی ئەوتــۆی جەمــاوەری نەبــوون لەنــاو عێراقــدا، کــە گەڕانــەوە عێــراق بەهــاوکاری وڵاتانــی هاوپەیــمان و وڵاتانــی دەوروبــەری عێــراق بنکــەو پێگــەی خۆیــان بەهێزکــردو، لــە هەمــوو شــتێکدا هانایــان بــۆ ســەرکردایەتیی کوردســتان دەهێنــاو ســەرکردایەتیی کوردســتانیش لەهــاوکاری و پشــتگیرییان درێخــی نەکــرد.

لــە ٢٠٠٣ ەوە تــا ئێســتا کــورد لــە حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکەکانــی ئێراقــدا بەشــدار دەبێــت و، بــەردەوام لــە دانوســتان و گفتوگۆدایــە بــۆ وەدەســتهێنانی خواســتەکانی گەلــی کوردســتان کەچــی تائێســتا پرســەکان بەهەڵــواسراوی ماونەتــەوەو چارەســەر نەکــراون، کاتــی خــۆی ئەیــاد عــەلاوی چارەســەری دۆســیەی کــوردی بــۆ ئیبراهیــم جەعفــەری بەجێهێشــت، جەعفــەری دۆســیەی کــوردی بــۆ نــوری مالیکــی بەجێهێشــت، هەمــوو لایەکیــش دەزانیــن مالیکــی لــە جیاتــی چارەســەر دۆســییەکەی پڕکێشــە و ئاڵۆزتــر کــرد و بــۆ حەیــدەر عەبــادی جێهێشــت، عەبادیــش گۆڵمەزێکــی نایــەوە کێشــەکانی قوڵترکــردەوەو بــۆ عــادل عەبدولمەهــدی جێهێشــت، عەبدولمەهــدی دوای

کاتکوشــتن چارەســەری کێشــەکانی کوردســتانی بــۆ مســتەفا کازمــی جێهێشــت، کازمیــش کیشــەکانی کوردســتانی بــە هەڵــواسراوی بــۆ محەممــەد شــیاع ســودانی جێهێشــت، بێگومــان ســودانیش وەک ئەوانــەی پێــش خــۆی تــا ئێســتا چــارەری کێشــەکانی نەکــردووەو بەردەوامــە لەســەر جێبەجێکــردنی سیاســەتی برســیکردنی خەڵکــی کوردســتان، دڵنیابــن ســودانیش چارەســەرییەکان بــۆ ئــەوەی دوای خــۆی جێدەهێڵێــت!! ئــەوەی دوای ئەویــش بەهەمــان شــێوە !!

لــە دوای ١٦ی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ ەوە عێــراق کۆمەڵــێ بڕیــاری ســزائامێزی بەرامبــەر کوردســتان وەرگــرت، نوێنــەرانی کوردســتان نەیانتـوانی بەرامبـەر بڕیـارەکان بوەسـتنەوەو هەڵیانبوەشـێننەوە، لـەم ســاڵانەی دواییشــدا دادگای فیدراڵــی عێــراق کۆمەڵــێ بڕیــاری لــە دژی حکومــەتی کوردســتان و بەرژەوەندییــەکانی خەڵکــی کوردســتان دەرکــرد، لــە ئێســتادا بوونــی کــورد لــە بەغــدا چ کاریگەرییەکــی هەیــە؟ ڕۆژانــە پەرلەمانــی عێــراق بــە ئامادەبــوون و بــێ ئامادەبــوونی نوێنــەرانی کوردســتان کۆدەبێتــەوەو بڕیــار دەردەکات و دەیســەپێنێتە ســەر کوردســتان، ئەنجوومەنــی ئاسایشــی عێــراق کۆدەبێتــەوە بــێ هەبــوونی نوێنــەری کوردســتان لــەو ئەنجوومەنــدا

بڕیــار دەردەکات و دەیســەپێنێتە ســەر کوردســتان، ئەنجوومەنــی وەزیــران کۆدەبێتــەوە بڕیــار دەردەکات و دەیســەپێنێتە ســەر کوردســتان، دادگای فیــدراڵی عێــراق لــە دژی کوردســتان چەنــدان بڕیــار دەردەکات و دەیســەپێنێتە ســەر کوردســتان، باشــە بــوونی کــورد لــەو بەغدایــە بــۆ چییــە؟ لــەوێ بێــت و لــەوێ نەبێــت چ کاریگەرییەکــی هەیــە؟ فراکســیۆنە کوردســتانییەکان لــە بەغــدا بێکاریگــەری مــاون و، فڕۆکەخانــەکانی کوردســتان لەلایــەن عێراقــەوە کۆنــترۆڵ کــراون، ســەرۆك کۆماریــش لــە بەغــدا بێکاریگەرییــە، ســەرۆکی کۆمــار ناتوانــێ دژی یــەک بڕیــاری حکوومــەتی عێــراق بوەســتێتەوە کــە دژی کوردســتان وەرگیــراون، ئــەی باشــە بــۆ لــە بەغــدا ماوەتــەوە؟! عێــراق تــا ئێســتاش بەردەوامــە لەســەر جێبەجێکــردنی (سیاســەتی برســیکردنی خەڵکــی کوردســتان)، هەروەهــا لایەنــە عێراقییــەکان وەک سیاســەتێکی قێــزەون و گڵاو ســەرەڕای ناکۆکــی نێوانیــان هەموویــان لەســەر لاوازکــردنی پێگــەی کــورد یەکهەڵوێســتن و بــەردەوام کار لەســەر قوڵکردنــەوەی ناکۆکــی و دووبەرەکــی نیــوان لایەنــە کوردســتانییەکان دەکــەن بۆئــەوەی لــەم ڕێگەیــەوە هەوڵبــدەن پێگــەی کــورد لاواز و بێکاریگــەر بکــەن.

عێـراق بـەم هەڵسـوکەوتانەی دەیەوێـت رێ لـە پێشـکەوتنەکانی باشـووری کوردسـتان بگرێـت و پێگـەی قـەوارەی سیاسـیی هەرێمـی کوردســتان لاواز بــکات، بێگومــان باشــترین چەکــی ئێمــەش بــۆ رووبەڕووبوونــەوەی ئــەم سیاســەتە گڵاوەو ئــەم پیلانانــە یەکڕیــزی و یەکدەنگیمانــە، یەکدەنگــی و یەکڕیزیمــان دەبێتــە چەکــی کاریگــەرو فاکتــەری ســەرەکی پوچەڵکردنــەوەی پیلانــەکانی عێــراق لــە دژی کوردســتان.

ئــەم یارییــەی عێــراق لەگــەڵ کوردســتان ســەرەتای هەیــە و کۆتایــی نییــە، بۆیــە پێویســتە ســەرکردایەتی سیاســیی کوردســتان هیچــی دیکــە کات بەفیــڕۆ نــەدات و بــەو دەســتی دەســتییە رازی نەبێــت و، بەڕاوێــژ لەگــەڵ تــەواوی لایەنــە سیاســییەکانی باشــووری کوردســتان بڕیــاری نەتەوەیــی و نیشــتمانی و یەکلاییکــەرەوەی خــۆی بــدات، لەبــەر ئــەوەی ئــەو واقیعــە دەمانگەیەنێتــە ئــەو بــاوەڕەی کــە بڵێیــن لەداهاتووشــدا پــرسی کــورد لــە عێراقــدا چارەســەر ناکرێــت و، لــە داهاتــوودا کــورد لــە بەغــدا بــێ کاریگــەری دەمێنێتــەوە، بۆیــە پێویســتە ســەرکردایەتیی سیاسـیی کوردســتان بڕیــار بــدات لــە پرۆســەی سیاســیی عێــراق بکشــێتەوە

و خەریکـــی ڕێکخســـتنەوەی ناوماڵـــی کوردســـتان بێـــت، بێگومـــان ئێمـــە وەک چـــۆن لـــە ڕابـــردوودا لەگـــەڵ عێـــراق نەگەیشـــتووینەتە چارەســـەری بنـــەڕەتی کێشـــەکامنان، لـــە ئێســـتاو داهاتووشـــدا ناگەینـــە ئەنجـــام، بۆیـــە کشـــانەوەمان لـــە بەغـــدا باشـــترە لـــە مانەوەمـــان.

**لەســـەر ئاســـتی ناوچەیـــی**؛ پێویســـتە ئێمـــەش کارتی خۆمـــان هەبێـــت کـــەوا کار لـــە بەرژەوەنـــدی وڵاتـــانی ناوچەکـــە بـــکات، ئەمـــەش بـــە پشـــتیوانیمان بـــۆ بزاڤـــی ڕزگاریخـــوازی نیشـــتمانی بەشـــەکانی دیکـــەی کوردســـتان دەبێـــت، پێویســـتە ئـــەوەش بزانیـــن ؛ ئـــەو گەلەکۆمەکییـــەی عێـــراق و ئێـــران و تورکیـــا کـــە ئێســـتا لەســـەر ئێمەیـــە تەنهـــا دژی باشـــووری کوردســـتان نییـــە، بەڵکـــو بـــۆ لێدانـــی تـــەواوی بزاڤـــی ڕزگاریخـــوازی نیشـــتمانی کوردســـتانە، بۆیـــە پێویســـتە ســـەرکردایەتیی سیاســـیی کوردســـتان لەســـەر ئاســـتی نەتەوەیـــی و لەســـەر ئاســـتی کوردســـتانی مـــەزن هەوڵبـــدات هێـــزی پاراســـتنی نەتەوەیـــی لـــە پێشـــمەرگە و گەریـــلا و شـــەڕڤانانی YPG و YPJ یەپەگـــەو یەپـــەژە پێکبهێنێـــت، بەمـــەش پەیوەنـــدی باشـــووری کوردســـتان لەگـــەڵ بەشـــەکانی دیکـــەی کوردســـتان خورتـــتر دەبێـــت و ئـــەو پیلانـــەی عێراقیـــش بـــۆ دابڕینـــی باشـــوور لـــە بەشـــەکانی دیکـــەی

کوردســتان پوچــەڵ دەبێتــەوە.

بێگومــان عێــراق لەمێــژە هەوڵــدەدا ســنوورەکانی کوردســتان بەتــەواوی کۆنــترۆڵ بــکات، ئامانجــی ســوپای عێــراق لــە گەیشــتن بــە خاڵــە ســنوورییەکان لێکدابڕینــی باشــووری کوردســتانە لەگــەڵ بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان ! بــۆ؟ لەبەرئــەوەی ئەگــەر عێــراق گەیشــتە دەروازەی (فیشــخابوور) ئــەوا باشــووری کوردســتان لەگــەڵ ڕۆژئــاوای کوردســتان لێکدادەبرێــت و هێڵــی هــاوکاری ڕۆژئــاوا لەگــەڵ باشــوور ناهێڵێــت، لەهەمــان کاتــدا ئەگــەر گەیشــتە دەروازەی (ئیبراهیــم خەلیــل) باکــوور لــە باشــوور دادەبڕێــت، بەهەمــان شــێوە گەیشــتنی عێــراق بــە دەروازەی (حاجــی ئۆمــەران) باشــوورو ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان لێکدادەبڕێــت، ئــەم پیلانــەی عێــراق وا دەکات باشــووری کوردســتان لــە هەمــوو ڕووێکــەوە ئابڵووقــە بــدات و، لــە بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان دایببڕێــت، بەشــێوەیەکی گشــتی ئــەم پیلانــە بــۆ لێکدابڕینــی تــەواوی بەشــەکانی کوردســتانە، ئــەوەی لــە ١٦ی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ لــە کەرکــورک و مەخمــوورو دوزخورماتــوو و شــنگاڵ ڕوویــدا و، ئــەوەی لــە ئــاداری ٢٠١٨ لــە ئەنجامــی هێــرشی ڕژێمــی داگیرکــەری تورکیــا لــە عفریــن

و رۆژئـــاوای کوردســـتان روویـــدا، جێبەجێکـــردنی بەشـــێکی ئـــەو پیلانـــە گڵاوەیـــە لـــە دژی گـــەلی کوردســـتان، ئـــەم رەوشـــە لـــە هەمـــوو لایەکـــمان دەخوازێـــت کـــەوا بـــە یەکێتـــی و یەکڕیزیـــمان دژی ئـــەو پیلانـــە گڵاوو نەگریســـانە بوەســـتینەوەو پوچەڵیـــان بکەینـــەوە.

**لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵـــەتی**؛ پێویســـتە بزاڤێکـــی خـــورتی دیپلۆمـــاسی بکەیـــن و، کەســـانی شـــارەزاو کاریگـــەر بخەینـــە ســـتافە دیپلۆماســـییەکان و، نوێنەرایەتییـــەکانی حکومـــەتی کوردســـتان لـــە دەرەوەی وڵات خورتبکەیـــن و، جولەیەکـــی دیپلۆمـــاسی بەرفـــراوان لەســـەر ئاســـتی جیهـــان دەســـتپێبکەین و زوڵـــم و ناهەقییـــەکانی عێراقیـــان بـــۆ بخەینـــەڕوو، لەهەمـــان کاتـــدا بـــۆ کارکـــردن بـــۆ جولانـــدنی ئەنجامـــی ریفرانـــدۆم و چۆنیـــەتی هەنگاونـــان بـــەرەو ســـەربەخۆیی کوردســـتان پێویســـتە (**بـــۆردی ســـەربەخۆیی کوردســـتان**) دابمەزرێنیـــن، ئێمـــە لـــە ٢٠١٧/٩/٢٥ ریفراندۆمـــمان ئەنجامـــداوە، ریفرانـــدۆم ئەنجامـــی بەدەســـتهێناوە و، بـــە رێـــژەی ٩٢,٧٣% خەڵکـــی کوردســـتان بـــە (بەڵـــێ) دەنگـــی بـــۆ ســـەربەخۆیی کوردســـتان داوە، بۆیـــە پێویســـتە ئـــەو بـــۆردە دابمەزرێنیـــن و، لـــە رێـــی ئـــەو بـــۆردەوە بـــۆ چۆنییـــەتی وەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی کوردســـتان کار بکەیـــن،

گرنگە ئەندامانی ئەو بۆردەش لە کۆمەڵێ کەسایەتی کورد و کەسایەتی کاریگەری نێودەوڵەتی پێکبهێرێت، کەوا شارەزای یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بن، بۆئەوەی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکەی جیهان ئێمەش بە سەربەخۆیی کوردستان بگەین، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکارو یەکدەنگ بین.

# پێویستە وا بکەین

بـۆ باشـترکردن و پێشخسـتنی سیسـتەمی حوکمـڕانی لـە کوردسـتان پێویسـتە چاکسـازییەکی گشـتگیر لـە تـەواوی بـوارەکانی بەڕێوەبـردنی کوردسـتان ئەنجامبدرێـت و شـوێنەواری دوو ئیدارەیـی نەهێڵدرێـت و حکومـەت لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکاندا یەکبخرێتـەوە و یەکبگرێتـەوە و، گەندەڵـی و نادادپـەروەری سـیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و حیـزب حیزبێنـە و نایەکسـانی بنبـڕ بکرێـت، لـەم پێنـاوەدا ئـەم چەنـد خاڵـە وەک چارەسـەر و نەخشـەڕیگەیەک دەخەینـەڕوو:

**یەکـەم**: بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سیاسـیی کوردسـتان و دەربازکـردنی لـەو پـەرش و بڵاوییـەی کـە تێیدایـە پێویسـتە بەزووترین کات (**ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان**) لـە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان پێکبهێندرێـت و، ئـەم ئەنجوومەنـە وەکـو پاڵپشـتێکی سـیاسی بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردسـتان لـە کاردابێـت و رۆڵـی راوێـژکاری ببینێـت و، لـەکاتی هاتنەپێـشی قەیرانەکانـدا بـە پـرۆژە و کارنامـەی سـیاسی هاوبـەشی هاوکاربێـت.

**دووەم**: کۆنگرەیەکـی راوێـژکاری بـۆ شـارەزا و پسـپۆڕان

ئەنجامبدرێـــت، بـــۆ داڕشـــتنی نەخشـــەڕێگەیەکی گشـــتگیر بـــۆ دەربازکـردنی باشـووری کوردسـتان لـەو قەیرانانـەی کـە تێیکەوتـووە.

**سـێیەم**: گەورەتریـن کێشـە لـە وڵاتـی ئێمـەدا ئەوەیـە کـە دەزگا و دامەزراوەکانـی ئێمـە سیسـتماتیك نیـن و ئیـش و کارەکان لەسـەر بنەمـای میزاجـی شەخسـی بەڕێوەدەچـن، بۆیـە تـا ئێسـتاش ئـەو حزبانــەی کــە دەگەنــە دەســەڵات بەهەمــان شــێوازی پێشــوو مامەڵـە دەکـەن، پێویسـتە کاربکرێـت بـۆ سیسـتماتیکردنی دەزگا و دامـەزراوەکانی کوردسـتان و، دوورخسـتنەوەی کاری حیـزبی لـە دەزگاو دامــەزراوەکان، بۆئــەوەی حکومــەتی کوردســتان ببێتــە حکومــەتی خەڵکـی کوردسـتان نـەک حکومـەتی ئـەم حیـزب و ئـەو حیـزب.

**چـوارەم**: قوڵکردنـەوەی گیـانی یەکـدی قبوڵکـردن و رەتکردنـەوەی خۆســەپاندن و قۆرخــکاری لــە ناوەنــدی سیاســیی کوردســتان و تــەواوی ناوەنــدەکانی کارو بــوارەکانی ژیانــدا.

**پێنجــەم**: لەجیــاتی حزبــەکان؛ پێویســتە پەرلەمــان و حکومــەتی کوردســـتان وەکـــو دوو دامـــەزراوەی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی نوێنەرایــەتی گــەلی کوردســتان لــە تــەواوی ناوەنــدەکانی ناوخــۆ و ناوچەکــە و جیهــان بکــەن.

**شەشـــەم:** گوێگرتـــن لـــە داخوازییـــەکانی خەڵکـــی کوردســـتان و باشـــترکردنی ژیـــان و گوزەرانیـــان.

**حەوتـــەم:** یەکخســـتنەوەی هێـــزەکانی پێشـــمەرگە بەکردەیـــی و باشـــترکردنی ژیـــان و گوزەرانیـــان.

**هەشـــتەم:** یەکخســـتنەوەی دەزگا ئەمنـــی و هەواڵگرییـــەکان بەکردەیـــی و کردنیـــان بـــە دامـــەزراوەی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی و دوور لـە دەسـتتێوەردانی حیـزبی و، دەوڵەمەندکردنیـان بـە ئەزمـوون و ئامێـــری پێشـــکەوتوو و کەســـانی پســـپۆڕ و شـــارەزا.

**نۆیـــەم:** بەشـــدارکردنی تـــەواوی لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان لــە دارِشــتنی بڕیــاری سیاســی و وازهێنــان لــە پەراوێزخســتنی ئــەم لایــەن و ئــەو لایــەن.

**دەیــەم:** پێویسـتە لایەنـە ناکۆکـەکان واز لەیەکـدی ناشـیرینکردن و شـەڕی راگەیانـدن بهێنـن و بـە زمـانی سـەردەم ؛ زمـانی لۆژیـک لەگـەڵ یەکـدی بدوێـن و بگەڕێنـەوە سـەر مێـزی گفتـو گـۆ و دیالـۆگ بکـەن.

**یانزەهـــەم:** پەســـەندکردنی (**دەســـتووری کوردســـتان**)؛ پێویســـتە وەکــو پرســێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی ســەیری پــرسی دەســتوور

بکەیـــن، نـــەك وەك پرســـێکی حیزبـــی، کـــە بەداخـــەوە زۆربـــەی پرســـەکان و بابەتـــەکان بەحیزبـــی کـــراون و لەدیـــدگای حیزبییـــەوە ســـەیری پرســـەکان دەکرێـــت، پـــرسی دەســـتووریش خراوەتـــە ئـــەم چوارچێوەیـــە، کـــە ئـــەوەش هەڵەیەکـــی ســـتراتیژییە و پێویســـتە بەزووتریـــن کات چارەســـەر بکرێـــت.

بـــۆ چارەســـەر و راســـتکردنەوەی ئـــەم هەڵەیـــەش پێویســـتە پەرلەمـانی کوردسـتان لـە خـولی ئێسـتایدا پـرسی دەسـتووری کوردسـتان یەکلابکاتـــەوە، لەبەئـــەوەی پـــرۆژەی دەســـتوور هـــەردوو قۆناخـــی نووسـینەوە و قۆناخـی دەنگـدان لەسـەری لـە پەرلەمانـی تێپەڕاندووە، قۆناخـی سـێیەم مـاوە کـە بریتییـە لـە قۆناخـی راپـرسی.

بوونـــی دەســـتوور بـــۆ ئێمـــە زۆر گرنگـــە، لەبەرئـــەوەی لـــەڕووی یاسـاییەوە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ رێکخسـتنەوە و دیاریکردنـی ئـەرك و مافـی تاکـەکان و دارشـتنی بنەمـا و سیسـتمی بەڕێوەبـردنی وڵات و بەدامەزراوەییکردنـی دەزگا و دامـەزراوەکان، ئەمانـەش هەمـووی لـە (پـرۆژەی دەسـتووری کوردسـتان) جێگیرکـراون، بۆیـە هەتـا رۆژێـك زووتـر ببینـە خاوەنـی دەسـتووری خۆمـان باشـترە لـەوەی کـە بەهـۆی هەندێـك مەرامـی سیاسـییەوە دوایبخەیـن، لـە هەمـوو دنیـادا وایـە

کاتێـك دەسـتوور راپـرسی لەسـەر دەکـرێ و تەنانـەت پەسـەندیش دەکـرێ، ئـەوا بەپێـی گۆڕانـی بارودۆخەکـە گۆڕانـگاری تێدادەکرێـت و هەمـوار دەکرێتـەوە، زۆر ئاسـاییە پرۆژەی دەسـتووری کوردسـتانیش کـە راپـرسی لەسـەر کـرا و کەوتـە واری جێبەجێکردنـەوە، دواتـر بەپێـی پێویسـتی سـەردەم هەمـوار بکرێتـەوە.

**دوانزەهــەم:** دامەزرانــدنی (**ســندووقی داهــاتی نەتەوەیــی**) و کۆکردنـەوەی تـەواوی داهاتـەکانی کوردسـتان لـەو سـندووقەدا، بـۆ ئـەوەی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای داهـاتی خـۆی پشـت بەخـۆی ببەسـتێت و سـتراتیژییەتێکی ئابـووری نیشـتمانی بـۆ خـۆی دابڕێژێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە هەمـوو لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان هـاوکارو پشـتیوان بـن و داهاتی ناوخـۆ و گومرگ و خاڵە سـنوورییەکان و داهاتـە نەوتییـەکان بـۆ حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بگەڕێننەوەو لـە (سـندووقی داهـاتی نەتەوەیـی)دا کـۆی بکەنـەوە.

**سـیانزەهەم:** لەپێنـاو باشـترکردنی رەوشی ئابـووری کوردسـتان و هەمەچەشـنکردنی سـەرچاوەکانی داهـات، پێویسـتە بایەخـی تـەواو بـە کـەرتی کشـتوکاڵ و گەشـتوگوزار و پیشەسـازی ناوخـۆ بدرێـت.

**چواردەهــەم:** پێویسـتە دامەزرانـدن و رەخسـاندنی هەڵـی کار

لـە دەزگاو دامـەزراوەکانی حکومـەت لەسـەر بنەمـای لێهاتوویـی و شـارەزایی بێـت نـەک (تەزکیـەی حـزبی).

**پانزەهـەم:** پێویسـتە ڕۆڵـی زیاتـر بـە ئافرەتـان و لاوانی کوردسـتان بدرێـت و بەشـێوەیەکی یەکسـان هـەلی کاریـان لـە دەزگا و دامـەزراوەکانی کوردسـتاندا بـۆ بڕەخسـێنرێت و، لەسـەر بنەمـای شـارەزایی و لێهاتوویـی کاریـان پـێ بسـپێردرێت نـەک نەمـای حیـزبی.

**شـانزەهەم:** بایەخـی تـەواو بـە زانکـۆ و پەیمانـگا و ناوەنـدەکانی خوێنـدن بدرێـت.

**حەڤدەهـەم:** پێویسـتە کـەرتی تەندروسـتی حکومـی پێشـبخرێت و بخرێتـە خزمـەت هاوڵاتیـان، بـۆ ئـەوەی کەسـانێک بـە نـاوی نەخۆشـخانەی ئەهـلی بـازرگانی بـەو کەرتـەوە نەکـەن.

ئـەم خاڵانـە وەکـو هەنگاوێـک بـەرەو چاکسـازییەکی تـەواو و کارنامەیەکـی نیشـتمانی دەخەینـەڕوو، بۆئـەوەی ببێتـە فاکتەرێـک بـۆ لەهەڤهاتـن و ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانی و ئەنجامـدانی چاکسـازی بـۆ دەربازکـردنی باشـووری کوردسـتان لـەو قەیرانانـەی تێیکەوتـووە، ئەمـەش پێویسـتی بـە نیەتپاکـی و هـاوکاری و کاری هاوبـەشی هەمـوو لایەکمانـە، ئومێـد دەکەیـن هەمـوو لایەکـمان بـۆ ڕاستەڕێی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی

گـەلی کوردسـتان و زیاتـر قوڵکردنـەوەی گیـانی برایـەتی و پێکەوەژیـان و یەکترقبوڵکـردن و گـوێ لەیەکترگرتـن بگەڕێینـەوە و ڕەچـاوی بەرژەوەندی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی بکەیـن و بەرژەوەنـدی خۆمـان لـە بەرژەوەنـدی بـاڵای گـەلی کوردسـتاندا ببینینـەوە.

لـە کۆتاییـدا؛ ئایـا دەتوانیـن ئـەم کارانـە بکەیـن و ئـەم قۆناخـە سـەختە دەربازبکەیـن؟ بێگومـان بەڵـێ؛ بـەڵام بەمەرجێـک بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بخەینـە سـەرووی بەرژەوەندییـە حـزبی و کەسـییەکان و، جـلی تەنگـی حزبایـەتی فڕێبدەیـن و جـلی کوردایـەتی بپۆشـین، ئەگـەر ئەوەمـان کـرد داهاتوویەکـی گـەش چاوەڕوانمانـە، ئەگـەر ئەوەشـمان نەکـرد ئـەوا داتوویەکـی نادیـار چاوەڕوانمانـە! بۆیـە پێویسـتە هەمووومـان بـە ئاراسـتەی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی هەنـگاو بنێیـن بـۆ ئـەوەی داهاتوویەکـی گـەش بـۆ گـەلی کوردسـتان دەسـتەبەر بکەیـن و بگەیـن بـە کەنارێکـی ئـارام و خـەونی نەتەوەییـمان کـەوا سـەربەخۆیی کوردسـتانە، بێگومـان یەکڕیـزی و یەکدەنگیـمان زامنـی وەدیهێنـانی ئـەم خەونەمانـە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە کار بـۆ یەکڕیـزی و یەکدەنگـی بکەیـن و بـەرەو دواڕۆژێکـی گـەش هەنگاوبنێیـن.



## غەفوور مەخمووری

- غەفــوور تاهیــر ســەعید ســارمەمی نــاسراو بــە (غەفــوور مەخمــووری).

- ســاڵی ١٩٧٠ لــە گونــدی کەنــدی قــەلان (وادي الغــراب)ی ســەر بــە قــەزای مەخمــوور لەدایکبــووە.

- خوێندنــی ســەرەتایی لــە قوتابخانــەی میجانــی ســەرەتایی لــە گونــدی (مشــار) تەواوکــردووە.

- خوێندنــی ناوەنــدی و ئامادەیــی لــە مەخمــوور و هەولێــر تــەواو کــردووە.

- دەرچــووی بــەشی زمــان و ئــەدەبی کــوردی - کۆلێــژی ئــاداب - زانکــۆی ســەلاحەددین - هەولێــرە.

- لــە ســاڵی ١٩٩٥ بــە هــاوکاری کۆمەڵــێ کەســایەتی نەتەوەیــی و وڵاتپارێــز یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDKی دامەزرانــدووە.

- ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDKە.

- ئەندامــی پەرلەمانــی کوردســتان بــووە لــە خولــی دووەم (٢٠٠٥ تــا ٢٠٠٩).

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- ئەندامی کارای فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانە IFJ.

- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامــی گــەڕی یەکەمــی دیالۆگــی کــوردی - عەرەبــی بــووە، کــە لــە مایســی ١٩٩٨ لــە قاهیــرەی پایتەختــی میــسر بەســترا.

- کارگێــری لێژنــەی بــاڵای بەرەنگاربوونــەوەی بەعەرەبکردنــی کوردســـتانە.

- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە.

- ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ە.
- خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی (میدیا)یە.
- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون)ە.
- ئەندامی زۆربەی زۆری کۆنگرە و کۆنفرانسە سیاسی و ئەکادیمییەکان بووە کە لە کوردستان و دەرەوە بەستراون.
- کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی هزری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.
- تا ئێستا کۆمەڵێ کتێبی بەچاپ گەیاندووە، کە ئەمانەن:

١. سەرەتایەك بۆ حەیران کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٩.
٢. بناری قەرەچووغ، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠.
٣. سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، شەقڵاوە، ١٩٩١.
٤. حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٩.
٥. حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠٠.
٦. حەیران (چەمك - ناوەڕۆك - سەرهەڵدان)، چاپی یەکەم،

هەولێــر، ٢٠٠١.

٧. بەعەرەبکردنی کوردستان  چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨. تعريب كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠٠٦.

٩. بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر،  ٢٠٠٦.

١٠. بصراحة، الجزء الأول، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٠.

١١. هەگبـەی مەخمـووری، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٠.

١٢. بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٣. عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤. تعريب كوردستان ، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠١٣.

١٥. کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد... ئەرکـە هەنووکەیـی و ئامانجـە سـتراتیژییەکان، چاپـی یەکـەم، هەولێــر، ٢٠١٦.

١٦. الحيـران (مفهومـا ومضمونـا وظهـورا)، الطبعـة الأولى، أربيـل، ٢٠١٧.

١٧. نحو حرية واستقلال كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٧.

١٨. مسـعود البـارزاني رمـز الپێشـمەرگايتي والمقاومـة القوميـة، الطبعــة الأولى، أربيــل، ٢٠١٨.

١٩. هزر و رامان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠. الإتحـــاد القومـــي الديمقراطـــي الكوردســـتاني YNDK (اليوبيـــل الفـــضي ١٩٩٥ - ٢٠٢٠)، الطبعـــة الأولى، طهـــران، ٢٠٢٠.

٢١. یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکـــراتی کوردســـتان YNDK (یۆبیـــلی زیویـــن ١٩٩٥ -٢٠٢٠)، تـــاران، ٢٠٢٠.

٢٢. اســـتقلال كوردســـتان (الأفـــكار و التأمـــلات)، الطبعـــة الأولى، طهـــران، ٢٠٢٠.

٢٣. تعريب كوردستان، الطبعة الثالثة، طهران، ٢٠٢٠.

٢٤. بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی چوارەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٥. لەپێناو کوردستان، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٦. هەگبەی مەخمووری، چاپی دووەم، تاران، ٢٠٢٠

٢٧. بصراحة، الطبعة الثانية، طهران، ٢٠٢١.

٢٨. تعريب كوردستان، الطبعة الرابعة، القاهرة، ٢٠٢٢.

٢٩. رسالتي من اجل كوردستان، الطبعة الأولى، طهران، ٢٠٢٢.

٣٠. اســـتقلال كوردســـتان (الأفـــكار و التأمـــلات)، الطبعـــة الثانيـــة، القاهـــرة، ٢٠٢٢.

٣١. بصراحة، الطبعة الثالثة، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٢. رسالتي من اجل كوردستان، الطبعة الثانية، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٣. یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK (بەڵگەنامەکانی شەشەم کۆنگرەی YNDK)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢٤.

٣٤. الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK (وثائق المؤتمر السادس ل YNDK)، الطبعة الأولى، أربيل , ٢٠٢٤.

٣٥. الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٢٥.

٣٦. سەرەتایەك بۆ حەیران و کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٣٧. بناری قەرەچووغ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٣٨. سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی دووەم، هەلێر، ٢٠٢٥.

٣٩. عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٤٠. حەیران (چەمك - ناوەڕۆك - سەرهەڵدان)، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٤١. الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الثالثة، القاهرة، ٢٠٢٥.

٤٢. راپەڕینـی ١٩٩١ (چیـمان کـرد... چـی بکەیـن)، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٢٥.

# إنتفاضة ١٩٩١

## (ماذا فعلنا ... ماذا سنفعل)

**غفور مخموري**

الطبعة الأولى 2025 أربيل - كوردستان

# 1991 UPRISING

## What we did ... What we will do

Ghafour Makhmouri



ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و گۆڕانکاری مەزن لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو داهاتووی وڵات دروستدەکەن پێویستیان بە خوێندنەوەو لێوردبوونەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن هەیە، ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان؛ یەکێکە لەو ڕووداوە مەزنانەی کە گەلی کوردستان دروستکاری بووە و، خاڵی وەرچەرخان بووە لە خەبات و دیرۆکی گەلی کوردستان، خوێندنەوەو سەرنجدان لەو ڕووداوە نەتەوەیی و نیشتمانییە گەلکردەیەی کوردستان، پێویستییەکی گرنگە، بێگومان ڕوانین بۆ ڕووداو و کێشەکان بە چاوێکی ڕەخنەگرانە گرنگە، لەبەرئەوەی ڕەخنە میکانیزمی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگە و دەزگا و دامەزراوەیەکە و، لە ڕێگەی ڕەخنەوە دەتوانین کێشەو گرفتەکان بدۆزینەوە و چارەسەریان بکەین، بەمەش دەتوانین کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و تەندروست بنیاتبنێین.

غەفوور مەخمووری